# مەریوان وریا قانع

# "باوکم هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو من بکاتە کوڕەزای قانع، ئەمەش بێ توندوتیژی مەیسەر نەدەبوو"

بەشی سێیەم

دیداری مەریوان هەڵەبجەیی و یاسین عومەر
فۆتۆ : کەمال عەلی خەیات



مەریوانو بارین-ی کچی

● **لەم بەشەی چاوپێکەوتنەکەماندا مەریوان وریا قانع باس لە قۆناغی زانکۆی دەکات و جارجارش بۆ دواوە بەئاراستەی منالی خۆی دەمانگێڕێتەوە. هەر لێرەدا باس لە یەکەم بینینی خۆی لەگەڵ رۆشنبیر و رۆمانووس و شاعیری گەورە بەختیار عەلی دەکات. لە بەشی داهاتووشدا بەشێوەیەکی تێروتەسەل باس لەو پەیوەندییە دەکات.**

**لڤین: گەر پچڕاندن نەبێت لە پرسیارەکانداو کەمێک بگەڕێینەوە بۆ منداڵیت، دەپرسم هۆکاری توندوتیژیی باوکت چی بوو لەگەڵتاندا؟**

**مەریوانی وریا قانع:** لای باوکم توندوتیژی بەشێکە لە پەروەردە، بۆ ئەوەی منداڵێکی باش دروستبکەیت، پێویستە توندوتیژ بیت لەگەڵیدا، ئەوەش بەشێکە لەو تێڕوانینە تەقلیدییەی کە لە وڵاتی ئێمەدا بۆ پەروەردەی منداڵ هەیە، ئەمە خاڵێکە. خاڵی دووەم؛ باوکم پیاوێکە (لە دیدی خۆیەوە) کوڕی شاعیرێکی گەورەیە، دەیویست منیش وابم، ئەو هەرگیز وەکو کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵ مندا نەکردووە، بەڵکو وەکو کوڕەزای قانع مامەڵەی لەگەڵ مندا کردووە، لای باوکم پێش ئەوەی من کوڕی ئەو بم، کوڕەزای قانع بووم، واتە بە پلەی یەکەم من کوڕەزای قانع بووم، ئینجا بە پلەی دووەم کوڕی ئەو بووم. ئەو هەر لە سەرەتاوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بمکاتە کوڕەزای قانع، ئەوەبوو شیعری قانعی پێلەبەردەکردم، من لەگەڵیدا دەچوومە کۆبوونە سیاسییە گەورەکانەوە، کە بەجارێك سەد تا سەدوپەنجا کەس ئامادەی دەبوون، ئەو کۆبوونەوانە هەمیشە بە شیعر دەستیان پێدەکردو منیش شیعرەکەم دەخوێندەوە. بە واتایەکی تر باوکم منی کردبووە باوکی خۆی، واتە قانعی لە مندا زیندووکردبووەو ئەم پرۆسەی زیندووکردنەوەیەی قانع لە مندا بەبێ توندوتیژی مەیسەر نەدەبوو، نەدەکرا بەبێ توندوتیژی من ئەو هەموو شیعرانە لەبەربکەم. نەدەکرا بەبێ توندوتیژی بەردەوام من وەکو کوڕەزای قانع هەڵسوکەوت بکەمو بجووڵێمەوە، لە پاڵیشیدا هەژاری لە ماڵی ئێمەدا زۆر قووڵو کوشندەو بەرفراوان بوو، دەبووایە من پارە پەیدابکەم، من هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بەردەوام ئیشمکردووەو بەشێك لەو پارەیەی کە

ماڵی ئێمە پێی ژیاوە، من پەیدامکردووە. تۆ وەکو منداڵێك ناتەوێت ئەم هەموو ئیشانە بکەیت، بەڵام من ناچاربووم بیانکەم، ئەمەش پێویستی بە توندوتیژی هەبوو، من بیرمدێت جارێك بەدزی باوکمەوە چووم بۆ سینەماو دواتر پێیزانی، زۆر تورەبوو، زۆری لێدام، لەو کاتەدا نەدەبوو منداڵ بەتەنیا بچێتە سینەما کە بە تێروانینی ئەوکاتە شوێنی خەڵکی بەدرەوشت و لەو بابەتە بوو، تۆ کە منداڵێکت فرێدایە ناو بازاڕەوە بۆ ئیشکردن، ئەم شتانەش دەکات و بەتەنیاش دەچێت بۆ سینەما، باوکم لە یەك کاتدا دەیویست ئیشبکەم، منداڵ بم، هەم کوڕەزای قانع بم و کۆمەڵێك شتی تریش، یەکێك لەمانە بەبێ توندوتیژی نەدەکراو نەدەچوون بەڕێوە. ئەو توندوتیژییەی باوکم لەگەڵ مندا دەینواند، پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە باوکم دەیویست بمکاتە ئەو شتە کە خۆی دەیویست ببم.

**لڤین: باسی ئەوەت کرد کە باوکت لە کۆبوونەوە سیاسییەکاندا بەشداربووە، تۆ ئاگاداری سیاسەتکردنی باوکت بوویت؟**

**مەریوانی وریا قانع:** باوکم تفەنگێکی هەبوو لە ماڵەوە دایدەنا، ئەو تفەنگە؛ تفەنگی پێشمەرگایەتی بوو، من بەوەدا دەمزانی باوکم سیاسەت دەکات. بەوشێوەیەی من لەو کاتەدا لە سیاسەت تێگەیشتبووم، ئەوەبوو کە تفەنگت هەبێت و بڵێیت من پێشمەرگەم و لەپێناوی کورددا شەڕدەکەم، ئەوە لایەنێکی ئەو بابەتە بوو، لایەنێکی تری ئەوەبوو کە ئێمە زووزوو بارماندەکرد، لە هەشت ساڵی یەکەمی تەمەنی مندا، سێ جار هاتووینەتە سلێمانی و بەجێمانهێشتووەو گەڕاوینەوەتەوە سەیدسادق، چووینەتەوە بۆ هاربڕ. لەو بەردەوام بارکردن و جێگیرنەبوونە لە شوێنێکدا بۆ ماوەیەکی درێژ، هەموو ئەمانە مانای سیاسەتیان دەگەیاند لای من. ئەمە بێجگە لەوەی کە خەڵك دەهاتن بۆ ماڵی ئێمەو باسی کوردو عەرەبیان دەکرد، هەروەها ئەوکاتە باسی جەلالی و مەلایی دەکرا، ئەوکاتە باوکم جەلالی بوو، لەو کاتەدا بۆنەی حیزبی هەبوو، بۆنەی گەورەگەورە دەکراو من لەگەڵ باوکمدا دەڕۆیشتم بۆ ئەو بۆنانەو شیعرم تیا دەخوێندنەوە. سیاسەت لە ماڵی ئێمەدا لەوە تێپەڕی نەدەکرد.

**لڤین: روویداوە دوای گەورەبوونت و چوونە زانکۆت، مشتومڕی سیاسیی لەگەڵ باوکتدا بکەن؟**

**مەریوانی وریا قانع:** لەگەڵ باوکمدا لەسەر هەر شتێك شایەنی ئەوەبێت شەڕی لەسەر بکەیت، شەڕم لەگەڵدا کردووە، من لەگەڵ باوکمدا لەسەر لێکدانەوەی شیعری مەحوی بووە بە شەڕمان، لەسەر شیعری گۆران بووە بە شەڕمان، لەسەر موناقەشەکردنی شیعری باپیرم بووە بە شەڕمان، لەسەر هەڵوێستی سیاسیی و شتی لەو بابەتە کەمتر شەڕ لەنێوانماندا روویداوە، چونکە تاقە ترسی باوکم لە من ئەوەبوو کە ببمە رێکخستن و شتی لەو بابەتە، ترسی لەوە بوو ئەو کارانە بکەم و بگیرێم، منیش لە ژیانمدا ئەوەم نەکردووەو ئەندامی هیچ گروپ و رێکخراوێکی سیاسیی نەبووم، بەڵام کە لە زانکۆ بووم، زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی ئەم شارەدا کە لە رێکخستنەکاندا کاریاندەکرد، پەیوەندییم هەبووەو هاوڕێم بوون و بڵاوکراوەی ئەو رێکخستنانەم دەستدەکەوت و دەمخوێندەوە، لە قۆناغێکی دیاریکراودا من لە هەولێر کەسێکم دەناسی، رێکخستن بوو. چەند جارێك لەگەڵ ئەودا چووینە لای دکتۆرو دەرمانمان پەیداکردووە بۆ پێشمەرگە، من ئەندامی هیچ رێکخستنێك نەبووم، بەڵام ئەو کوڕە متمانەیەکی زۆری بە من هەبوو، تا ئەو رادەیەی کە دەکرا شتی لەو بابەتە بەیەکەوە بکەین. لەو قۆناغەدا کە من لە زانکۆ بووم، بیروڕای سیاسییمان زۆر نزیکبوو لە یەکەوە، بۆ نموونە؛ من قەناعەتم بەو شۆڕشە هەبوو کە لە دەرەوە هەبوو، پێمخۆشبوو بەهێزبێت و کە خوێندنیشم تەواوکرد، چوومە دەرەوەو بوومە پێشمەرگە، باوکم بە هیچ جۆرێك قسەی لەو شتانەدا نەکردووە، لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی کە من دوای چوونە زانکۆ کردوومە، بێدەنگ بووەو بۆچوونی نەبووەو من خۆم هەڵمبژاردووە.

**لڤین: هاتنەوەت بۆ سلێمانی بۆ خوێندن لە زانکۆ، چ گۆڕانێکی لا دروستکردیت، ژیانت لێرە لە سلێمانی چۆن بوو، چونکە پێموابێت ماڵتان هەر لە هەولێر دەمێنێتەوە؟**

**مەریوان وریا:** من پێش هاتنیشم بۆ زانکۆ، گۆڕانێکی گەورەم بەسەردا هاتبوو، دیارە من تا تەمەنی چواردە ساڵی، کەسێکی زۆر دینپەروەر بووم، واتە بیرکردنەوەیەکی دینییانەم هەبوو. خێزانی ئێمە لە دوو بەرە پێکهاتبوون، خزمانی دایکم زۆر دینیی بوون، ماڵی خاڵەکانم زۆر دینپەروەر بوون، هەندێکیان ئێستا یەکگرتووی ئیسلامیین و لەناو هێزە ئیسلامییەکاندا کاردەکەن. بەرەبابانیشم لایەنگری بیروباوەڕی سۆشیالیستی و پێشکەوتنخوازی و شتی لەو بابەتە بوون. خێزانی ئێمە لەو دوو دنیای زۆر بەیەك ناکۆك پێکهاتبوو، من هەتا تەمەنی چواردە ساڵی، لەژێر کاریگەریی نەنکم و دایکم و ماڵە خاڵوانمدا، کەسێکی زۆر دینیی بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کەسێکی دینییش بووم، کەچی زۆر نوێژو رۆژووو شتی لەو بابەتەم نەدەکرد، تەنها ئەوەبوو کە خۆم زۆر بە دیندار دەزانی و باوەڕێکی زۆر سەیریشم بە دین هەبوو، تا ئەو رادەیەی کە هەستمدەکرد دەبمە کەساتییەکی ئایینیی زۆر گرنگیش، بەڵام لەدوای ئەوەو رێك لە تەمەنی پانزە ساڵیمدا، بەتەواوەتی گۆڕام، لەو کاتەدا لە هەولێر دوو کوڕم ناسی کە سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون و زۆر عاقڵ و قسەزان بوون و زۆر شتیان دەوت کە من هیچم لەبارەیانەوە نەدەزانی، ئەو دوو کوڕە چەند ساڵێك لە من گەورەتر بوون، ئیتر هێندەی پێنەچوو، بوومە مارکسی، واتە لە دینەوە بۆ مارکسیزم، لە بەهەشتی دینەوە بۆ بەهەشتی مارکسیزم، بە واتایەکی تر؛ گۆڕانەکە گۆڕانێکی ئاسان بوو، یان با بڵێین گۆڕانێکی زۆر سەخت نەبوو، چونکە ئێستا بیریلێدەکەیتەوە، ئینجا دەزانی بونیادی قووڵی دین و بونیادی قووڵی مارکسیزم زۆر لەیەك دەچن، ئەو گۆڕانە بووە هۆی تێوەگلانم لە سیاسەت و بیرکردنەوەی سیاسیی و شۆڕش و پێشمەرگایەتی و شتی لەو بابەتە. من لە سلێمانی لە بەشی ناوخۆییدا بووم.

لە ژیانی مندا چەند ژوورێك هەن کە رۆڵی زۆر گرنگیان هەبووە لە دروستبوون و گەشەکردنی زیهنی مندا، ژووری یەکەمیان ژووری منداڵیمە، ئەو ژوورەی کە لەگەڵ خوشك و براکانمدا تیادا گەورەبووم و کۆمەڵێك منداڵ لەپاڵ یەکداو لەسەر دۆشەك بەڕیز دەخەوتین، سەعیمان تیا دەکرد، پێدەکەنین، دەگریاین و یاریماندەکرد، ئێستا بەتەواوی نازانم یەکەم ژوورمان چۆن ژوورێك بووو کامەشیان بوو، بەڵام ئەو ژوورە ژوورێکە لەنێوان سەیدسادق و هاربڕدایە. دوای ئەوە لە هەولێر ژوورێکی ترمان هەبوو، ماڵەکەمان لە هەولێر سێ ژوور بوو، ژوورێکیمان پڕکردبوو لە جوجەڵە، باوکم جوجەڵەی بەخێودەکرد، چونکە پارەمان نەبوو گۆشت بکڕین، ئەو جوجەڵانەمان دەکڕی و گەورەماندەکرد، تا کە گەورە بوون سوود لە گۆشتەکەیان وەربگرین. ژووری دووەم؛ ئەو ژوورەی هەولێرە کە باسمکرد، واتە دووەم ژوورە لە ژیانمدا کە زۆر گرنگە بۆ من.

که هەولێریشم بەجێهێشت و هاتینە سلێمانی، چوومە ناو ژوورێکەوە کە دە قوتابی تێدابوو، ئەو ژوورە بەتەواوەتی ژوورێکی جیاوازبوو، هەر لەو ژوورەدا ئێمە پێنج رشتەی خوێندنی جیاوازمان لەناودا بوو، هەبوو لە کۆلێژی ئەندازیاری بوو، تیاماندا بوو لە کشتوکاڵ بوو، من لە کارگێڕی و ئابووری بووم و هەشمانبوو لە جیۆلۆجی بوو. بەدیویێکی تردا قوتابیمان هەبوو خەڵکی شار بوو، هەبوو خەڵکی لادێ بوو، کوڕێکمان لابوو زۆر دەوڵەمەند بوو، هەشمانبوو زۆر هەژار بوو. ئەو مرۆڤانەی کە دەیانبینیت و دەتبینن، قۆناغی دەستپێکردنەوەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوو (دیارە من باسی ساڵی ١٩٧٨ دەکەم) قۆناغێك بوو کە دەبوو لە یەککاتدا خۆت بپارێزیت و جۆرێکیش دڵنیایی دروستبکەیت لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بێگومانیت وەکو تۆ بیردەکەنەوەو نزیکن لە تۆوە، هەر لەبەرئەوانە بەجێهێشتنی ماڵەوەو هاتنم بۆ زانکۆی سلێمانی، قۆناغێکی ئێجگار گرنگ بوو لە ژیانی مندا. وەکو پێشتریش باسمکرد، سیاسەت یەکێك بوو لە بابەتە


لایەنێك لە گفتوگۆکە

سەرەکییەکانی ئەو ژوورە، لە سەردەمێکدا کە دەکرا تەنیا لەسەر یەك وشە بکوژرێیت. لەپاڵ ئەوەشدا خۆشەویستی و کچان بابەتێکی تری ناو ئەو ژوورەی بەشی ناوخۆیی بوو، ئێمە دە کوڕ بووین، هەموومان حەزمان لەوە بوو کە هاوڕێی کچمان هەبێت، بەڵام کەسمان نە جورئەتی ئەوەی هەبوو لەگەڵ کچێکدا قسەبکات و نە ئەزموونی لە پێشتریشمان هەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ کچاندا، ئێمە دە کوڕی گەنج بووین، بەدرێژایی هەموو ژیانمان قسەمان لەگەڵ ئافرەتێکدا نەکردبوو. ئیتر دوای دەوامی زانکۆ کە دەگەڕاینەوە بۆ ناوخۆییەکەمان تا کاتێکی دوورودرێژ هەر باسی کچمان دەکرد، تا دەبوو بە سیاسەت، ماوەیەکی درێژ باسی سیاسەتمان دەکرد، تا دەبوو بە ئافرەت. شەو کە لەم قسەو باسانە تەواو دەبووین، هەموومان بڕیارماندەدا کە سبەی چووین بۆ زانکۆ، هەریەکەمان لەگەڵ کچێکدا قسەبکەین، من دەمووت لەگەڵ فلان قسەدەکەم و ئەوانیش هەریەکەو دەیانوت لەگەڵ فلان و فیسار کچدا قسەدەکەین، بەڵام کە بەیانیش دەچووین بۆ زانکۆ، کەسمان ئەوەمان نەدەکردو بەدەستی بەتاڵ دەگەڕاینەوە. ئێمە بەدرێژایی ساڵێك لەو ژوورەدا هەموومان بڕیارماندەدا کە بەیانی چووینە زانکۆ ئەمە بکەین و کەچی کەسیشمان نەمانتوانی لەگەڵ یەك کچیشدا قسەبکەین.

**لڤین: دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی و چوونە زانکۆ، لە بەشی ناوخۆیی کەست لەگەڵدابوو کە ئەهلی قەڵەم بێت و رۆشنبیرێکی دیار بێت و ئێستا ناوی هەبێت؟**

مەریوانی وریا قانع: لە ساڵی یەکەم لە ١٩٧٨ کە من چوومە زانکۆ، تا ئەوکاتە هیچ نووسەرێکم نەناسیوە کە نووسیبێتی و شتی بڵاوکردبێتەوە، ئەمە تا کۆتایی قۆناغی یەکەمی زانکۆ، بەڵام لە ڕێگەی ماڵی مامم و باوکمەوە، زۆربەی زۆری نووسەرە کوردەکانم ناسی، دواتر من لە قۆناغی سەرەتاییشدا وەك باسمکرد رۆژنامەم دەفرۆشت، ئێمە کە ماڵمان لە سەیدسادقەوە هات بۆ سلێمانی، رەوشی داراییمان زۆر خراپ بوو، باوکم منی برد بۆ لای کاکەی فەلاح، من ئەوکات تەمەنم هەشت ساڵ بوو، باوکم بەکاکەی فەلاحی وت: من ئەم کوڕەم هەیە دەیەوێت رۆژنامە بفرۆشێت، دەتوانیت یارمەتی بدەیت، ئەوکاتە کاکەی فەلاح رۆژنامەی ژین-ی دەردەکردو کتێبخانەیەکیشی هەبوو، رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانیشی دەفرۆشت، لە

کتێبخانەکەی کاکەی فەلاح بۆ یەکەمجار شێرکۆ بێکەس-م بینی، ڕەوف حەسەن-م بینی، زۆربەی نووسەرە کوردەکانم لەوێ بینی، من لەو قۆناغەدا دەچووم لە کتێبخانەکە ڕۆژنامەکانم وەردەگرتو دوایی دەڕۆیشتم لە بازاڕدا دەمفرۆشت، بیریشم نەچێت کە بڵێم منو هەورامانی برام بەیەکەوە ڕۆژنامەمان دەفرۆشت، هەمیشە هەورامانی برام لە من زیاتر ڕۆژنامەی دەفرۆشت، ئەو لە من منداڵتر بوو، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە من پێش ئەوەی بڕۆم ڕۆژنامەکان بفرۆشم، لە بەردەرکی سەرا کە بەریدی لێبوو، قادرمەی هەبوو، من پێشتر دەچووم لەسەر قادرمەکان ڕۆژنامەکەم بەتەواوەتی دەخوێندەوە، ئینجا دەچووم دەمفرۆشت، بەڵام هەورامان یەکسەر دەچوو دەیفرۆشت، هەمیشە کە دەهاتەوە ئەو دوو ئەوەندەی من ڕۆژنامەی فرۆشتبوو، من بەشێك لەو کاتەی کە دەبوو ڕۆژنامەکانی تیا بفرۆشم، خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بووم، لەبەرئەوە من ناوی نووسەرەکانم دەزانیو هەندێك لە نووسەرەکانیشم بینیبوو، بەڵام هیچ پەیوەندییەکم نەبوو لەگەڵیاندا. ئیتر من لە منداڵیمدا پاقلەفرۆشیم کردووە؛ دەنکە کولەکە؛ گوڵەبەڕۆژە؛ پەشمەك؛ چلورە فرۆشیو هەموو ئەو ئیشانەی کە منداڵێکی هەژار دەیکات، کردوومە، ڕۆژنامەفرۆشییەکە ئیشێکی پێشکەوتووتر بوو، لەو قۆناغەدا ڕۆژنامەفرۆشێك بووم هەموو کەسێکم دەناسی، پێش ئەوەی بڕۆین بۆ هەولێر (واتە لە دووی ناوەندییدا) کەمێك گەورەتربوومو دەمزانی (الثورة) هی بەعسییەکان بوو، (طریق الشعب)و (بیری نوێ) هیی شیوعییەکان بوو، (التآخی) هیی پارتییەکان بوو، هەموو خەڵکە سیاسیەکانیشم دەناسی، دەمزانی کێ بەعسییەو کێ پارتییەو کێش شیوعییە، بە ڕۆژنامەکاندا دەمزانی، لەوکاتەدا دەچووم ڕۆژنامەکەم دەبردە ژوورەوەو پارەکەم وەردەگرتو دەڕۆیشتم، دەمزانی لەو قەیسەریی نەقیبە کێ بەعسییەو کێ پارتییە. ئەو ڕۆژنامەفرۆشییەش؛ جگە لەوەی کە پەیوەندییەکی بۆ دروستدەکرم لەگەڵ ئەو نووسەرانەدا، لە پاڵیشیدا دەرفەتێك بوو بۆ ناسینی ئەو کەسانەی لەم شارەدا دەژیانو ئینتیمای سیاسییان هەبوو. لە قۆناغی زانکۆشدا؛ لە کۆتایی ساڵی یەکەم لە زانکۆ، بەختیار عەلی-م ناسیو بووین بە هاوڕێی یەکترو ئەو یەکترناسینە بۆ هەردووکمان زۆر باشبوو، کاریگەریی زۆرمان بۆ سەر یەکتر هەبوو،

## "گۆڕان لە مرۆڤێکی دینییەوە بۆ کەسێکی لیبراڵ گۆڕانێکی گرانو سەختە"

پێکەوە هەمان کتێبمان دەخوێندەوە. گفتوگۆمان دەکرد، هەمان دیوانە شیعرمان دەخوێندەوە، هەمان ڕۆمانو هەمان شانۆگەری، زۆر پێکەوەبووینو بەشێوەیەك کە زۆر لە یەکتری دەچووین، لە قۆناغێکدا هەستمدەکرد ئیتر هەر تەواو ناخۆشبووە کە ئەوەندە لەیەکتر بچین، شێوازی قسەکردنمان وەکو یەکی لێهاتبوو، هەردووکمان کەمتازۆر بەهەمان شت تووڕە دەبووین، بەهەمان شت پێدەکەنین، هەمان کتێبمان پێ گرنگ بوو، ئەو قۆناغەی زانکۆم یەکێك لەو شتە گرنگانەی تیایدا ڕوویدا، ناسینو هاوڕێیەتیکردنی بەختیار عەلی بوو.

**لڤین: تۆ یەکێکی لەوانەی لە دنیای ڕۆشنبیری ئێمەدا بانگەشەی پێکەوەهەڵکردن دەکەیت (تۆلێرانس)، ئایا ئەمە هەستێک بوو لە ژیانی ڕۆژانەتەوە هات یان لە ئەنجامی خوێندنەوەیە؟**

**مەریوانی وریا قانع:** وا دەڕوانم کە بەشی هەرەزۆری لە ئەنجامی خوێندنەوەوە هاتووە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم ڕۆشنبیرییە دەچێتە ناو پێکهاتەی دەروونییو مێژوویەکی شەخسییەوە. خۆ ئەوەی تۆ دەیخوێنیتەوە، ناچێتە ناو بۆشاییەوە، بەڵکو دەچێتە ناو ئەو مێژووە تایبەتەی کە تۆ هەتەو خاوەنیت، دەچێتە ناو خەیاڵو عەقڵتەوە. خۆ دەشکرێت تۆ کتێبێك لەبارەی لێبوردنەوە بخوێنیتەوەو نەتکاتە مرۆڤێکی لێبوردە، بەڵام لای من ئەمە پێچەوانەیەو هەوڵی منو تێڕوانینی من بۆ تۆلێرانسو پێکەوەژیان لە خوێندنەوەی کتێبەوە هاتووە. من سێ ساڵ لە ئامادەیی کوردستان بووم، ئەو ئامادەییە کوردی تیابوو؛ تورکمانی تیابوو؛ مەسیحی تیابوو، هەروەها لەناو مامۆستاکانیشدا ئەمە هەروابوو، مامۆستای وەرزشمان عەرەب بوو، مامۆستای مێژوومان مەسیحی بوو، مامۆستاکانی تریشمان کوردو تورکمان بوون. حەزدەکەم هەر لەوبارەیەوە شتێکتان بۆ بگێڕمەوە کە ئەوکات لەو ئامادەییەدا ڕوویدا؛ وەك پێشتر وتم، من تا پۆلی چوارەم کەسێکی زۆر دینپەروەر بووم، من لەگەڵ مامۆستای مێژوودا نێوانم زۆر خۆشبوو، ڕۆژێکیان بە مامۆستای مێژووم وت: تۆ پیاوێکی مەسیحیت، بۆچی نابیتە موسوڵمان، ئەویش وتی: بۆچی ببمە موسڵمان؟، منیش وتم: ئیسلام تاکە دینە کە خودا لە قیامەتدا قبوڵی دەکاتو تۆش ئەم دینەت لێقبوڵناکرێتو تۆ پیاوێکی زۆر باشیتو من تۆم زۆر خۆشدەوێتو حەزدەکەم بچیت بۆ بەهەشت، ئەویش تەماشایەکی منی کردو وتی: کوڕم من سی ساڵە هەوڵدەدەم لە مەسیحیەت ڕزگارم بێت، ئێستا خۆم تووشی دینێکی تر ناکەمو سی ساڵی تر تەمەنمی بۆ دانانێم تا لە ئەویش ڕزگارم بێت. مامۆستایەکی مەسیحی وا من لە پۆلی چواری ناوەندی ئاوا قسەم لەگەڵ کردووەو ئیتر ئەمە بەشێوەیەك لە شێوەکان کاریگەریی هەبوو لەسەرم.

**لڤین: ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان، وای لێنەکردیت کە تۆش خۆت لە ئیسلام ڕزگاربکەیت؟**

**مەریوانی وریا قانع:** من ساڵی دوای ئەوە بوومە مارکسی، ئەو مامۆستا مەسیحییەشمان کۆنە شیوعی بووبوو، بەڵام وازی هێنابوو. پێشتریش وتم گۆڕان لە دینەوە بۆ مارکسیزمو بەپێچەوانەشەوە پرۆسەیەکی ئاسانو خێرایە، بەڵام گۆڕان لە کەسێکی دینییەوە بۆ مرۆڤێکی لیبراڵ، ئەم گۆڕانە گرانو سەختە. ئەوەی کە تۆ لە یەککاتدا هەردووکیان قبوڵ بکەیت، کە تۆ لە دینپەروەرییەوە دەڕۆیت بۆ مارکسیزم، دین وەکو پەڵەیەکی ناشیرین بەسەر ڕۆحی مرۆڤەوە نەبینیت، بەڵکو وەکو هەڵبژاردنێك تەماشای بکەیت، وەك جۆرێك لە باوەڕ کە دەکرێت لایەنی ناوەکی ئەو مرۆڤە دەوڵەمەندبکات، وەك چۆن دەگونجێت بیکاتە مرۆڤێکی تیرۆریستیش. گۆڕانی قورس ئەوەیە کە تۆ واتلێبێت لە یەککاتدا ماف بە شتە ڕەشو سپییەکانیش بدەیت، هەروەها بەو ڕەنگانەش بدەیت کە لەنێوان ڕەشو سپیدان، بەڵام تێپەڕین لە ڕەشەوە بۆ سپیو لە سپییەوە بۆ ڕەش، کارێکی ئاسانە، بەشێکی ئەو تێپەڕینو گۆڕانانەی کە لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدان کە ڕۆشنبیرەکان لە مارکسیزمەوە دەگۆڕێن بۆ ڕۆشنبیریی دینیی، هەروەها لە دینییەوە دەبنە مارکسی، تێپەڕینن لە ڕەشێکەوە بۆ سپییەكو لە سپییەکەوە بۆ ڕەشێك. ئەم تێپەڕینانە تێپەڕینێك نین کە تۆ ڕەشو سپی تەرجەمەبکەیت بۆ دەیەها ڕەنگی ترو هەمووشیان بەیەکەوە قبوڵ بکەیت.